# هەڕەشەی دوژمنکارانە بە هەڵویستی ڕیاکارانە ناکام ناکرێتەوە...!

(دەربارەی هەڕەشەکانی حکومەتی فاشی ترکیا و هەلویستی پەرلەمانی کوردستان)


موزەفەر عەبدولاّ

mozafar_as@yahoo.com


هەلّبەت ئەمە یەکەمجار نی یە کە بەرپرسانی مەدەنی و سەربازی حکومەتی فاشی تورکیا هەرەشە لە خەلکی کوردستان دەکەن، هەر لە تەیب رەجەب ئوردوغانی سەرۆک وەزیرانەوە تا ئەم رۆژانەی دوایی عەبدولا گولی وەزیری دەرەوە.بەلکو ئەمە چەندەمین جارە کە ئەم هەرەشانە دەکرێت و تەنانەت زۆرجاریش بە کردەوە ئەم هەرەشانەیان دەرهێناوەو بەهێزی سەربازی گەورەوە هاتونەتە قولآیی خاکی کوردستانەوەو گەورەترین زیانیان بە خەلّکی سیڤیلی کوردستان گەیاندوە، بە بەهانەی گرتنی چەکدارانی پەککەو کۆتایی هێنان بەجولآنەوە چەکداری یەکەی.بەلاّم ئەوەی کە دەبیت ئەم هەرەشەیەیان لەوانەی تر جدی تر بگریت، ئەوەیە کە ئەمجارە ئەم هەرەشەیە لە هەلومەرجیکدایە کە ئەمرۆ کوردستان و عیراق و ناوچەکەو جهان پیایدا تیپەر دەبیت. هەربۆیە ئەمجارە ئەم هەرەشەیەیان تا ئەو جیگە بردوە کە بە رەسمی حکومەتی تورکیا کۆبونەوەی تایبەتی پەرلەمانیان بۆ بەستوە بە بەشداری بەرپرسانی حکومە ت و جەنەرالە سەربازییە فاشییەکان. ئەمجارە بەهانەکانیان بە ئاشکرا راگەیاندووەو بەهانەکانیشیان زیاترە لە بەهانەکانی پیشویان کە کۆتایی هینان بوو بە پەککە.

ئەمجارە بە ئاشکرا دەلّین کەرکوک نابیت بچیتە سەر کوردستان و تورکمانەکان لە خەتەری هەرەشەی کوردەکاندان و کوردستان نابیت ببیتە وولاتیکی سەربەخۆو پەککە بەهۆی ئەو وەزعەی عیراقەوە پەرەی سەندووە ئەم قسەو بەهانە پوچانە.ئەمە جگە لەوەی حکومەتی تورکیا بە ئاشکرا دەبینیت کە هەر رژیمەو تەدەخول لە کاروباری عیراقدا دەکات بۆیە ئەویش بە مافی رەوای خۆی دەزانیت باشتر دەستی تیوەربدات و بەهانەکانی خۆیشی بە بەرهەقتر دەزانیت لە هەموو لایەک.

بەلام لە راستیدا ئەم هەرەشەو تەدەخولانەی تورکیا بۆ کوردستان، سەرەرای ناوەرۆک پوچی بەهانەکان دەکریت چەند رەوەندی هەبیت، کە گرنگترینیان ناوخۆییی یەو راستەوخۆ ئاکامی ئەو قەیرانە قولّە ئابوری و سیاسی یە کە بەرببینی بە حکومەتی ترکیاو سەرجەم سەرمایەداری ترکیا گرتوە .جا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم قەیرانە قولّە وەک هەموو سیستەم و حکومەتە بۆرژواکانی جهان پیویستی بەوەیە تەدەخول لە وولاتانی تر بکات.

رەوەندکی تری ئەوەیە کە بە فعلی بەهۆی بارودۆخی عیراق و شکستی سیاسی و سەربازی ئەمریکا و ئالۆزی و نادیاری چارەنوسی سیاسی عیراق بە گشتی و ئالّوگۆر لە هاوکیشە سیاسی یەکانی ناوچەکەو جهان، وە لەم چوارچیوەیەشدا روو نانی ریرەوی سیاسی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی وەک دەولّەتیک ، ئەمانە هەمووی بووەتە فشار بۆ حکومەتی فاشی ترکیا بۆ ئەم هەرەشەو گورەشەو تەدەخولانە بۆ کوردستانی عیراق .دەنا ئەو بەهانانەی ترکیا کە ئیستا و دوینی دەیوت فریان بەسەر راستییەوە نی یە وەک ئەوەی دەیەویت جولانەوەی چەکداری پەکە کە بنبر بکات یاخود بەرگری لە مافەکانی خەلکی تورکمان زمان لە کەرکوک دا بکات. چونکە ئەم بەهانانە ئەوەندە پوچە تەنانەت خۆشیان باش دەزانن ئەوە زیاتر لە 20 سالّە بە ئاگرو ئاسن مامەلّەیان لەگەلّ جولآنەوەی چەکداری

پەکەکە کردوە تا ئەو رادەیەی بە هاوکاری موخابەراتی ئەمریکاو ئیسرائیل و دەولەتانی تر عەبدولا ئۆج ئالانی تاکە سەرۆکی پەکەکەیان لە کردەوەیەکی چەتەگەریدا رفاند و دەستگیری کرد بەلأم ئەم جولأنەوە چەکداریە هەر کۆتایی نەهات. ئەگەرچی خودی پەکەکە بۆتە چەندین پارچەوە. بەلام هەمیشە بونەتە دەردی سەر بۆ حکومەتی تورکیا.

واقعیەت ئەوەیە کە هیچ دەولەتیک لە دونیا ،چەندەخاوەن هێزی سەربازیی زەبەلاحیش بێت، ناتوانی بەسەرکوت بچوکترین جولأنەوەی چەکداری بنەبر بکات.باشترین نمونەی ئەمرۆ خودی ئەمریکایە کە بەهەموو هێزی خۆی و حکومەتی وابەستەی مالکی و تالەبانی یەوە ئەمرۆ نەیتوانیوە ئەو کردەوە چەکدارییانە بنەبر بکات کە لە دوای داگیرکردنی عیراقەوە سەری هەلداوە.

تا ئەو جیگەیەش دەگەریتەوە بە بەرگری کردن لە خەلکی تورکمانزمانەوە ئەوە درۆیەکی گەورەی بەرسانی فاشی تورکیایە و بەس. مەگەر ئەم حکومەتە فاشی یەی تورکیا چی کردووە بۆ خەلکی خودی تورکیا . هەروەک چۆن ئەمریکا ئیدعاکەی بۆ رزگار کردنی خەلکی عیراق لە دەست دکتاتوری سەدام درۆو بەهانەیەک بوو بۆ شەرو داگیری کاری ، ئەواش بەهانەکانی حکومەتی فاشی تورکیا درۆیەکی شاخدارەو پروپاگەندەکانی پوچ و بێمایەن. لە لایەکی تریشەوە حکومەتی ترکیا خۆی هەم داگیرکارەو هەم فاشییە لەبەرانیەر خەلکی غەیرە تورکزمان وەک خەلکی کوردستان و خەلکی قوبرس .

بەلام ئەمرۆ ئەگەری ئەوە زۆرەو لە هەرکات زیاترە کە تورکیاش وەک رژیمەکانی تر تەدەخول بکات و مەزبەحەیەک بخولقینن لە کوردستاندا بە یارمەتی دەستەو تاقمە بەکری گیراوەکانی میتی تورکی کە لە کوردستاندان و بەرگی حزبی سیاسیان لەبەرکردوە .بۆیە بۆ کۆتایی هینان و ناکام کردنەوەی ئەم هەرەشانە دەبیت ئەمە بە جدی وەربگریت.

بەلأم سەرەرای ئەوەی وەک ئاماژەمان پێدا کە زۆر جاری تر تورکیا ئەم تەدەخولەی کردوە ،ئیتر بە هاوکاری دەسەلأتدارانی کوردستان بو بیت یاخود بی هاوکاری ئەوان و را وەرگرتنیان، سەرەرای ئەم تاقی کردنەوانەش هیشتا سەرانی پارتی و یەکیتی ئەم هەرەشانە بە جدی وەرناگرن . لە جیاتی وەلأمدانەوەی جدی و هەولدان بۆ ناکام کردنەوەی ئەوان، یان گالتەیان بەم هەرەشان دیت یاخود وەلأمی بەروالەت دۆستانەو ناوەرۆک ریاکارانەیان پی دەدەنەوە.

نمونەی ئەو وەلأم و هەلویستانە کە لە لایەن بەرپرسان و دەزگا بەرپرسەکان دراونەتەوە ئەوەی خودی مەسعود بارزانی و پەرلەمانی کورستانە.لەم بارەیەوەمەسعود بارزانی گالتەئامیزانە دەلیت ئەو هەرەشانە بەشیکە لە پروپاگەندەی هەلبژاردن لە تورکیا. هەلویستی پەرلەمانیش کە لە بەیانەکەیاندا هاتوە تەواو مەرایی کاری و ریاکارانەیە کە لە کۆتایی کۆبونەوەی یەرلەمان لە رۆژی 24 ئەم مانگە بە بەشداری سەرۆکی حکومەت، نیچیرڤان بارزانی و چەندین وەزیر سازدایان دابوو، هەلبەت کۆبونەوەکەشیان نائاسایی و تایبەت بووە بە هەرەشەکانی تورکیاوە.

خویندنەوەیەکی سەرپێی ئەو بەیانە ئەوەت بۆ دەردەخات ئەمانە لە جیاتی وەلأمی سیاسی جدی بەو هەرەشانە بدەنەوەو جدی گرتنی ئەو هەرەشانە ئەمان زۆر ناجدی و تەنانەت بەو شیوە دۆستانەو ناوەرۆک ریاکارانە هەولویستیان وەرگرتوە. لە واقعدا هەم وەلامەکەی بارزانی و هەم هەلویستی پەرلەمان نیشانەی داماوی ئەم دەسەلاتدارانەی کوردستانە. ئەمەش ئاکامی ئەوەیە کە هیچ کات ئەمانە نە پشتیان بە خۆیان و نە بە خەلکی کوردستان بەستوە بۆیە لە جیاتی وەلامی ددان شکین بە هەرەشەی دوژمنکارانەی حکومەتی فاشی تورکیا ئەمان وەلامی دۆستانەیان پی دەدەنەوە.

بەڵام ئەگەر بەراستی ئەم دەسەڵاتدارانەی کوردستان ،بە تایبەتی پارتی و یەکیتی، نوینەری راستەقینەی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستان بونایەو پشتیان بە خەڵکی کوردستان ببەستایە و هەموو خەڵکیان بە یەکسانی وەک هاوولاتی بناسایایەو پاریزەری تەواوی مافە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی خەلکی بونایە بە بی رەچاو کردنی بیروراوی سیاسی و داتاشینی حیاوازی دینی و تایەفی و عەشیرەتی و قومی ئەو کات زۆر بە ئاسانی دەیان توانی هەلویستی جدی وەربگرن و تەنانەت هانی خەڵکی تورکیا بە گشتی و خەلکی کوردستانی تورکیا بە تایبەتی بدەن تا هەزارو یەک دەردی سەر بۆ حکومەتی تورکیا دروست بکەن .ئەو کات ئەم حکومەتە فاشییەی تورکیا کە تا بنەقاقای لە قەیراندایە نەیدەتوانی ئاوا سوک و ئاسان هەرەشە گورەشە تەدەخول لە کوردستان دا بکات.ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەم دەسەلاتدارانەی کوردستان بە راستی بەم شیوەیەی ئێستا ئاماژەمان پێدا نوینەری راستەقینەی خەلکی بونایە ئەو کاتیش نەک ئەم جۆرە هەرەشانە نەدەکرا بەڵکو چارەنوسی خەلکی کوردستانیش بەم شیوەیەی ئیستا نەدەکرا بە بارمتەی ئەم رژیم و ئەو رژیم و گەمەی دەستی رژیمە فاشی و داگیرکەرەکان.

بێگومان بە پێچەوانەی بەیانەکەی پەرلەمانی یەکیتی و پارتییەوە، خەڵکی کوردستان هیچ کات دۆستی حکومەتی فاشی تورکیا نین و بەرژەوەندیان لەگەل ئەودا نی یە. خەلکی ئازادیخوازی کوردستان تەنها دۆستی خەلکی ئازادیخوازی تورکیایە کە چەندین جار ئەم دۆستایەتیە لەسەر زمانی نوسەرانی ئازادیخوازو رێکخراوە چەپ و کریکارییەکانیان نیشان دراوە کە چەندە لایەنگری مافە رەواکانی خەلکی کوردستانن چ لە تورکیا چ لە کوردستانی عیراق.

تا ئەو جیگەیەش دەگەریتەوە بە وەڵام و هەڵویستی خەڵکی کوردستان بەم هەرەشانەوە، رێک بە پیچەوانەی وەڵامی داماوانەی بارزانی و هەولۆیستی بەرواڵەت دۆستانەو ناوەرۆک ریاکارانەی پەرلەمانەکەیان، ئەوەیە کە بە کردەوەو بە هەزارو یەک زمان خەڵکی دەریان بریوە کە دژی ئەو هەرەشانەی تورکیان و بە جدیش وەریان گرتوە.وە ریگای وەلامی ددان شکێن و جدی و ناکام کردنەوە بەو هەرەشانە تەنها بە دەست هێنانی مافی دەنگ دانی خەلکی کوردستانە بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان و پیکهینانی وولاتیکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان .تا ئەو جێگەیەش ئەم مافە نەیەتەدی و خەڵکی کوردستان نەژین لە سایەی وولاتیکی سەربەخۆ ئەوە ئەو هەرەشانەو تەدەخولانەش هەردەبێت کە ئاکامی کارەساتباری بۆ خەڵکی کوردستان تیادایە.

کۆتایی جەنیوەری 2007